# چۆن خشوعمان هەبێت لەنوێژەکانماندا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

عبد السلام محمد پشدەری

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ كيف نخشع في صلاتنا؟ ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# چۆن خشوعمان هەبێت لەنوێژەکانماندا

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە نوێژی کردوە بە مایەی بەرچاوڕوونی خواناسان وپەناگایەك بۆ پرواداران تاوەکو دڵودەرونیانی تیدا ئارام و ئۆقرە بگرێت وخشوع و گەردنکەچیان پێی زیاد بکات بۆ پەروەردگاریان.

خۆشەویستان خشوع ئەو صیفەتە جوانەیە کە پیویستکراوە لەسەر باوەڕداران کە لەنوێژەکانیاندا هەیانبێت، جا بابزانین ئایا مەبەست لەخشوع چییە .

خشوع : لەزمانەوانییدا بەمانای ملکەچی و بێدەنگی دێیت هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : (وَخَشَعَتِ الْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْساً) {طه: 108} واتە: هەموو دەنگەکان لەبەر پەروەردگاری میهرەبان نزمن و بەهێواشی

دەدوێن، تەنها چپە و سرتەیەکی کەم نەبێت هیچی تر نابیستیت.

لە زاراوەی شەریعەتیشدا خشوع : بەمانای خستنە بەردەمی دڵ ودەرون بەو پەڕی گەرندکەچی وملکەچ وزەلیلیەوە بۆ خوای گەورە، ابن الرجب الحنبلي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە ئەڵێت : ئەصلی خشوع بریتییە لە دڵ نەرمی ئارامی و ئۆقرەگرتنی دڵ ملکەچی وشکاندنی دڵ وسوتاندنی، جا ئەگەر هاتوو دڵ خشوع گرتی ئەو کاتە تەواوی ئەندامەکانی لاشەیش شوێنی دڵ ئەکەون، چونکە شوێنکەوتەی ئەون، دڵ چۆن بێت ئەوانیش وان {الخشوع لابن رجب،ص17}.

خشوع جێگاکەی دڵە زمانیش دریری ئەوەیە کە ئەوەتانی لەناو دڵدا، ئەگەر دڵ خشوع و ترسی خوای تێدا بوو بێگومان زمان و تەواوی ئەندام وپارچەکانی تری لەش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دڵ ئەبن، جا برای ئازیزم چ کاتێك

خۆشەویستی خوای گەورە لەدڵتدا چەسپی بەئاوي ئیخلاص ئاودراو وبەنووری ئیمان پەروەردەت کرد ویەکخواپەرستی پەروەردگاری بەڕاستی تێدا جێگیربوو، ئەو کاتە خوای گەورە خشوعی ڕاستەقینەت بەنصیب دەکات وتام وچێژ ولەزەت ونیعەمەتی خواپەرستیەکانت دەچێژیت، وبەردەوامت دەکات لەسەر هیدایەت وڕێنمونی وەك خوای گەورە دەفەرموێت : (وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى) {محمد :17} واتە : ئەوانەش رێ و رێبازی دروستیان گرتە بەر، خوا هیدایەت و رێنمانیی زیاد کردن، تەقواو پارێزکاریشی پێدان، تاخۆیانی پێ بپارێزن لە ئاگر .

هەورەها فەرموویەتی : (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا) {العنکبوت :69} واتە : ئەوانەی لە پێناوی ئێمەداو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە؛ هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە

ڕێنموویی دەکەین بۆ هەموو ڕێگەیەکی چاک و دروستی خۆمان (کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمەی لەدوایە)

برای ئازیزم ئەوەندە بزانە خشوع لەنوێژدا یارمەتی و تەوفیقی خودایە کە بەندە ڕاست و دروستەکانی خۆی یارمەتی بۆ ئەدات، ئەو بەندانەی کە دوور ئەکەونەوە لەقەدەغەکراوەکانی خوای گەورە وفەرمانەکانی جێ بەجی دەکەن، جا بۆیە ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی نوێژ ملکەچ وگەرنگیری فەرمانەکانی خودا نین هەرگیز تام و چێژ لەنوێژەکانیان نابینن وچاوەکانیان ناتوانێت لەترسی خودا فرمێسکسان پێدا بێتە خواراوە، هەر بۆیە دەبینین خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ) {العنكبوت:45} واتە : بێگومان نوێژەکان بەرگری خاوەنکانیان دەکەن لەخراپە و خراپەکاری و داوێن پیسی .

جا هەرکەسێك نوێژەکەی بەرگری نەکات لەدوور کەوتنەوە لەخراپەو کاری بەد ئەوا ڕێگایەکی دەست ناکەوێت بۆ

خشوع، جا هەرکەسێك حاڵی وابێت وئا بەو شێوەیە نوێژەکانی بکات بێگومان ئەوە ئەو نوێژە نییە کە پەروەردگار لەوەصفیدا فەرموویەتی : (اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ) {البقرة :45} واتە : ئێوە هەوڵ بدەن) پشت ببەستن بەئارامگرتن و نوێژکردن (بۆ گەیشتن بە ئامانج) بەڕاستی نوێژ ئەرکێکی گەورەو گرانە، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بە خۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن و (باوەڕی دامەزراویان هەیە)...

هێندەش بزانن کە خشوع و بەئاگابوون لەنوێژەکان واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك، لەم بارەیەشەوە شێخ الاسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : " بەڵگە لەسەر پێویست و واجب بوونی خشوع لەنوێژەکاندا ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ) {المؤمنون:1-2} واتە :

سەرفراز و ڕزگاریان بوو باوەڕداران، ئەوانەی کە نوێژەکانیان بەخشوعەوە ئەنجام ئەدەن ..

## فەزڵی خشوع :

ئەگەر بێتو خشوع وگەردنگیری وملکەچی وئاگابوون لەنوێژەکانمان تەنها هێندە قازانجیان هەبێت کە دڵەکانمان بخەینە بەردەم پەروەردگار بە زەلیلی و شکاوی وهەژاری وفەقیری بۆ ڕەحم وسۆزی خوای گەورە  بەسە بۆ ئێمە کە بەئاگاداربین لەفەزڵی ئەم صیفەتە جوانە، چونکە مەبەست لە خەلقکردنی ئێمە تەنها پەرستشی پەروەردگارمانە، وەك فەرموویەتی : (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) {الذاريات 56} واتە : من جنۆکە وئادەمیزادم دروست نەکردوە بۆ پەرستنی خۆم نەبێت.

چاکترین عیبادەت وپەرستشێکیش کە مرۆڤ بەدڵشکاوی وزەلیلی وخۆبەکەم زانینیەوە لەئاست پەروەردگاریدا

بوەستێت ئەوەیە بگاتە ئاستی خشوع وبەئاگابوون لە عیبادەتەکانی کە هەر ئەمەیشە نهێنی وکاکڵەی هەموویان، هەر بۆیە دەبینین خوای گەورە لەزۆر جێگای قورئادا مەدح وثەنای ئەو کەسانە دەکات کە لە پەرستشەکانیاندا بەخشوعن، وەك دەفەرموێت : (وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعا) {الإسراء: 109} واتە: ئەوانە سوژدە و کڕنووش دەبەن و دەگرین و ئەسرینی خۆشەویستی پەروەردگار لە چاوانیان دەبارێت، فرمێسکی ئیمان و شادی هەڵدەوەرێنن و تا دێت زیاتر ملکەچ و فەرمانبەردار دڵ پڕ لە ئیمان دەبن .

هەروەها دەفەرموێت : (إِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِين) {البقرة:45} واتە : بەڕاستی نوێژ ئەرکێکی گەورەو گرانە، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بە خۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن و (باوەڕی دامەزراویان هەیە)...

دیسان پەروەردگار خشوعی کردوە بەصیفەتی ئەو باوەڕدارانەی کە سەرفراز و سەرکەوتووی دونیا ودواڕۆژن، وەك فەرمویەتی: (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ) {المؤمنون:1-2} واتە : سەرفراز وسەرکەوتوو بوون ئەو پرواداڕانەی کە لەنوێژەکانیاندا بەخشوعن.

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : (وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ) {الأنبياء : 90} واتە : هەمیشە لەبەر هیوای میهرەبانی و ڕەحمەتی ئێمەدا نزایان دەکرد، وە لەترسی دۆزەخ هاواریان دەکرد، لە ئاست ئێمە هەمووکات خۆ بەکەم زان و ملکەچی کارو فەرمانی ئێمە بوون.

جا کە خشوع ئەو صفەتە بەرزو جوانە بێت کە خوای گەورە مەدحی خاوەنەکانیان بکاتن بەڵگە و دەلیلە لەسەر بەرزی پلەوپایەی خشوع لە ئیسلامدا، چونکە پەروەردگار مەدح وثەنای هیچ صیفەتێك ناکات کە خۆشی نەوێت وئەو کەسەشی خۆش نەوێت کە خوڕەوشت و ئاکاری خۆی پێ

ڕازاندوەتەوە، هەر لەبەر ئەمەیە دەبینین کە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " سبعة يظلهم الله في ظله،يوم لا ظل إلا ظله-وذكر منهم- ورجل ذكر الله خالياُ ففاضت عيناه"{متفق عليه} واتە : حەوت دەستەو تاقم هەن لە ڕۆژی دواییدا لەژێر سێبەرێکدان کە خوای گەورە دروستی کردووە، یەکێك لەو دەستە وتاقمانە کەسێکە کە یاد و ذیکری خودا دەکات بەتەنها و لەترس و گەورەی خودا چاوەکانی پڕ دەبێت لە گریان وهۆن هۆن فرمێسکیان پێیدا دێتە خوارەوە.

ئەوەشی لەم فەرموودەیەوە وەردەگرێت ئەوەیە : ئەو کەسەی کە بەتەنها نوێژ دەکات و خشوعی بۆ دروست دەبیت و گریانی بۆ دێت لەترسی خودا لەغەیری ئەو حاڵەتە بۆی دروست نابێت، بەمەش خوای گەورە لەڕیزی ئەو کەسانەدا دێنێیتە ژماردن کە لەژێر سێبەری خۆیدا دەیانحەسێنێتەوە ..

## هۆکارەکانی خشوع :

برای ئازیزم خوای گەورە لەمن تۆیش خۆش بێت بزانە : خشوع بەروبوم و ثەمەرەی ڕاستی و دروستی دڵ و سەرجەم ئەندامەکانی تری لاشەیە، ئەمەش بەدەستە نایەت جگە بەوە نەبێت کە مرۆڤی باوەڕدار بە ڕاست و دروستی پەروەردگاری چاك بناسێت، و باوەڕی تەواوی پێی هەبێت وباوەڕی بە فریشتەکان پەڕاوە ئاسمانییەکان وپێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و بەقەردەری خێر وشەر هەبێت، بەچاکی فەرمانەکانی خودا بناسێتو بەجێشیان بهێنێت وئەو شتانەیشی قەدەغەی کردون شارەزا بێت لێیان و دوور بکەوێتەوە لێیان و توخنیان نەکەوێتەوە وباوەڕی تەواوی بە پێغەمبەری خودا هەبێت ولەسەرجەم کار وبارو هەڵسوکەوتێکیدا شوێنی بکەوێت وتەنها و تەهایش لەبەر خاتر و رەزامەندی خودا بیت و دوور بیت لە ڕییا و ڕوپامایی، هەموو ئەم کارانە هۆکاری ئەو خشوعەن کە پەروەردگاری بالادەست فەرمانی پێکردووە .

**یەکەم : ناسینی خوای گەورە:**

گرنگترین و گەورەترین هۆکاری خشوع ناسینی پەروەردگارە کە دڵ ودەروون ڕوناك دەکاتەوە و بیروهۆش جەم وجۆر دەکات وتەواوی ئەندامەکانی لاشە ڕاست ودروست دەکات، ناسینی ناو صیفەتە جوانەکانی خوای گەورە بەو شێوەیەی کە زاتی بەرزی خۆی لەقورئان و پێغەمبەری خوداش لە سوننەتدا باشی کردون هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی بەندەکان هەمیشە خودایان لەیاد بێت و بە چاودێر ی خۆیانی بزانن وئاگادار بن لەوەی لەهەرجێگای و شوێنیك بن ئاگادراە بەسەر سەرجەم کار وکردەوەکانیانەوە.

زانسیت و علمێك کە یەقین بدات بە خاوەنەکەی و بەچاکی لەمانا و واتای (لا إله إلا الله ) تێگەشتبێت بێگومان بەروبوومی کاریگەری خۆی دەبێت وشوێنەواری باشیش بەجیٚ دەهێڵیت لەسەر کارورکردەوەی خاوەنەکەی وبەشێوەیەك شەرم و شکۆی خوای لادروست دەکات دڵنیایە لەوەی هەر کارێك

ئەنجام بدات خودا دەیبنیت و دەیبیسێت و هیچیشی لێ وون نابێت وەك فەرموویەتی: (لَا يَعۡزُبُ عَنۡهُ مِثۡقَالُ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ) {سبأ: 3}.

**دووەم : بەگەورەگرتنی پلەوپایەی نوێژ:**

ئەم بەگەورەگرتنی پلەو پایەی نوێژەش کاتیك دروست دەبیت کە بەندەی خودا قەدەر وڕێز و پلەی وپایەی پەوەردگاری بزانێت وبەهەق خودای ناسی بیت، وئاگاداری ئەوە بێت کە کاتێك دەست دەکات بەنوێژەکەی بزانێت کە ئەم ئێستا لەبەردەم زاتێکی گەوەر و بەڕێزدا وەستاوە و خەریکی موناجات و ووتوێژە لەگەڵیدا، جا تو خوا کەسێك ئەگەر بەدڵ و هۆش قسەو گفتوگۆ بکات لەگەڵ کەسێکی تردا هەرگیز لیی غافڵ دەبێت؟؟ بێگومان نەخێر دەی کەواتە خوای گەورە بەهەقترە کە باوەڕدار تەواوی ئەندامەکانی لاشەی ساز وئامادە بکات بۆ ئەوەی بەتەواوی بیر وهۆشیەوە ئاگاداری ئەو شتانە بێت کە لەگەڵ خودادا ئەنجامیان دەدات بەتایبەتی بیرکردنەوە لەواتا و مەبەستەکانی سوورەتی الفاتحە کە بەدەقی فەرموودەی سەحیح خوای گەورە لەبارەی ئەم

سورەتەوە فەرموویەتی : عن أبي هريرة رضي الله عنه أن النبي عليه الصلاة و السلام قال : ( قال الله تعالى قسمت الصلاة بيني و بين عبدي نصفين ) ثم فسر الصلاة بقوله : فإذا قال العبد ( الحمد لله رب العالمين ) قال الله عز و جل حمدني عبدي ، و إذا قال العبد : ( الرحمن الرحيم ) قال الله تعالى ( أثنى علي عبدي ) و إذا قال العبد ( مالك يوم الدين ) قال الله عز و جل :( مجدني عبدي ) و إذا قال العبد ( إياك نعبد و إياك نستعين ) قال الله عز و جل 0 هذا بيني و بين عبدي و لعبدي ما سأل ) و إذا قال العبد :( اهدنا الصراط المستقيم صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب عليهم و لا الضالين ) قال الله عز وجل : ( هذا لعبدي و لعبدي ما سأل ) { ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە } .

ئەبوهورەیرة ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت کە خوای گەورە - لەفەرموودەیەکی قوسیدا – فەرموویەتی : نوێژم لەنێوان خۆم و بەندەکەمدا کردووە بە دوو بەشەوە، پاشان تەفسیری نوێژی کردوو بەم ووتەیەی : هەرکاتێك بەندەکەم ووتی : ( الحمد لله رب العالمين ) خوای پەروەدگار دەفەرموێت : بەندەکەم سوپاس وستایشی کردم، وە هەرکاتێك ووتی : ( الرحمن الرحيم ) خوای بەرز وبڵند دەفەرموێت : بەندەکەم و ستایش و ثەنای کردم، وەهەرکاتێك بەندەکەم ووتی

: (مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ) پەروەردگار دفەرمویت : بەندەکەم بەگەورە وبڵندی دانام، وەهەرکاتێك بەندەکەم ووتی : (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ) پەورەدگار فەرمووی : ئەمەش لەنێوان من وبەندەکەمدایە، بەندەکەشم هەرچی هەیە باداوای بکات، وەهەرکـاتێك بەندەکەم ووتی : (اهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ۝ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ) خوای گەورە جارێکی تر دەفەرموێت : ئەمەش لەنێوان من وبەندەکەمدایە، بەندەکەشم هەرچی هەیە باداوای بکات .

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە : " إذا صليتم فلا تتلفتوا فإن الله ينصب وجهه لوجه عبده في الصلاة ما لم يلتفت" {رواه مسلم} واتە : هەرکاتێك نوێژتان کرد ئاوڕ مەدەنەوە ولامەنەوە بەملاولادا، چونکە خوای گەورە ڕووی پیرۆزی کردوەتە ڕووی بەندەکەی لەکاتی نوێژدا مادام بەندەکەی ئەملاولا نەکات.

ئەوەیش موسلیمی کوڕی یەسارە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەکاتی نوێژکردنیدا کۆڵەکەیەکی مزگەوت دەکەوێت وخەڵکی کۆدەبنەوە لەکاتێکدا ئەم لەهەیبەتی نوێژەکەی ئاگای

لەوە نەبووە کە کۆڵەکەی مزگەوت کەوتووە وخەڵکی کۆبونەتەوە تا ئەو کاتەی کە نوێژەکەی تەواو دەبێت .

## سێهەم : خۆ ئامادەکردنی بۆ نوێژ پێش بانگدان:

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر خۆیشەویستی تۆ بۆ خودای پاك وبێگەرد و پێداگریت لەسەر ئەوەی نوێژەکانت بە کۆمەڵ و لەمزگەوت ئەنجام بدەیت نیشانەی ئەوەیە کە پەروەردگاریش تۆی خۆش دەویت چونکە یارمەتدان و تەوفیقی خودا بۆ بەندەکەی لەسەر عیبادەتەکانی بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی ئەو زاتە پیرۆزە بۆ بەندەکەی، لەفەرمووودەیەکیشدا هاتووە : "وما تقرب إلي بشيء أحب إلي مما افترضته عليه " {رواه البخاري} واتە : بەهیچ شتێك بەندەکەم لەمن نزیك نابێتەوە ویێم خۆش بێت هێندەی ئەوەی بە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان لەمنەوە نزیك دەبێتەوە .

بۆیە ئەنجامدانی نوێژەکان بەو شێوەیەی کە داوکراوە لەئیسلامدا هۆکاری سەرەکیە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودا ورەزامەندی ئەو ، جا برای بەڕێزم هەرکاتێك وویسست نوێژێکت ئەنجام بدەیت چاك چاك خۆتی

بۆ ئامادە بکە بەشێوەیەك کە بە تەواوی پەیوەندیت لەگەڵ دونیادا ببچڕێنیت و هەموو هۆش وبیرێکت لای نوێژەگەت بێت ئەمەش بەدەست ناکەوێت بەوە نەبیت کە لەڕاستی وبێ قەدەری دونیا تێگەشت بیت لەچاو ژیانی دواڕۆژدا وهێندە بزانە بەئەندازەی باڵی مێشوولەیەك لای خودا قیمەتی نییە ئەگینا نەیدەهێشت بێباوەڕێك قومێك ئاوی لێ بخواتەوە، وە بیر لەوە بکەرەوە کە هەر هەمووومان غەریب و موسافیرن لەم دونیایەدا و دەبیت زوو بیت یان درەنگ کۆڵ و بارمان بپێچینەوە و سەفەری هەتا هەتایی بکەین بۆ ژیانی نەپڕاوە وهەمیشەیی لەم بارەیەشەوە پێغمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی "كن في الدنيا كأنك غريب أو عابر سبيل" لە دونیادا بەشێوەیە بژی کە هەمیشە وابزانە کە کەسێکی غەریب یان موسافیرێکت و دەبیت لێرە پڕۆیت ..

بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن بۆ نوێژ بەم شێوەیە خشوع بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات و تام وچێژ لە نوێژەکەی دەبات وشیرینی عیبادەتەکانی لادروست دەبیت و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە کە نوێژەکانی بەچاکترین شێوە بە ئەنجام بگەیەنێت ..

## چوارەم : شارەزای لە ئەحکامەکانی نوێژ :

برای خۆشەویستم شارەزای لە ئەحکامەکانی نویژ وا لەخاوەنەکەی دەکات کە نوێژەکەی بەو شێوەیە بکات کە خودا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێداوە، چونکە ڕێك و پێکی نوێژ و پەلە نەکردن لەنوێژ هۆکارێکە بۆ دروست بوونی خشوع و دڵ ئارامی خاوەنەکەی، هەر بۆیە دەبینین کاتێك کە پیغەمبەری خواد (صلى اللّٰه علیه وسلم) کاتیك بینی کە کەسێك نوێژەکەی بە ڕێك وپێکی ئەنجام نەدا پێی فەرموو "ارجع فصل فإنك لم تصل"[رواه البخاري ومسلم وأبو داود} واتە بگەڕیرەوە نوێژەکەت جارێکی تر بکەرەوە چونکە تۆ نوێژت نەکردوە (وەك ئەوەی بڵێیت نوێژکردن بەم شێوەیە نابێت کە تۆ ئەنجامی دەدەیت ) .

سەلەفی صاڵحی ئەم ئومەتەیش کە قدوە وسەرمەشقی خێرن بۆ ئێمە و نەوەکانی دوای ئێمەش زۆر بەچاکی لەنوێژ ومانا ومەغزا وناکرۆکی تێگەشتبوون هەر بۆیە دەبینین کەسێکی وەك حاتەمی ئەصەم (ڕەحمەتی خوای لی بێت) بەم شێوەیە باسی نوێژەکانی خۆی دەکات کاتێك پرسیاریان لێکرد دەریارەی : " کاتێك بانگیدا بەجوانی دەست

نوێژ دەگرم دێم هەتا ئەگەمە ئەو شوێنەی کە نوێژەکەی تێدا دەکەم، پاشان لەو جێگایە دادەنیشم هەتاوەکو هەموو ئەندامانی لاشەم بۆ نوێژەکەم کۆدەکەمەوە ودواتر هەڵدەستم بۆ نوێژەکەم، ئەمجا کەعبە وقیبلە دەخەمە نێوچاوان وهەردوو برۆمەوە وپردی سیراطیش ئەخەمە ژێر پێمەوە وبەهەشت لای ڕاست و دۆزەخیش لای چەپمەوە دادەنێم و فریشتەی گیان کێشانیش لەپشتمەوە و دواتر وا دەزانم کە ئەم نوێژە کۆتا نوێژێکە من لە ژیانمدا ئەنجامی ئەدەم بۆ خوای گەورە، پاشان لەنێوان خەوف و ڕجادا اللە أکبری نوێژدابەست بەڕاستی دەڵیم ولەسەرخۆ وبەهیواشی فاتحە ئەخوێنم و لەداوی ئەوە بەزەلیلی و تەواضعەوە ڕکوع دەبەم وسەریشم بەو پەڕی خشوع و ترسان لەخوداوە دەخەمە سەرزەوی و سوژدەی بۆ دەبەم، ولەپاش هەموو ئەمانە ئیخلاص و یەکلایی بوونەوە بۆ خودا دەکەمە مەشخەڵی خۆم و ئیتر نازانم ئایا خوای گەورە نوێژەکەی لیوەرگرتووم یان نا ...

**پێنجەم : بیرکردنەوە و تێرامان لەو قورئانەی کە لەنوێژدا دەخوێنریت :**

برای خۆشەویستم بزانە بیرکردنەوە لەمانا بەرزو بەپێزەکانی قورئانی پیرۆز یەکێکە لەو هۆکارانەی خشوع بۆ نوێژخوین دروست دەکات، کاتیك کە تۆ بیر لەو ئایەتانە دەکەیتەوە کە باسی گەورهیی دەسەڵاتی خودا دەکاتەوە بچوکی خۆتت بۆ روون دەبیتەوە، کاتێك بیر لەئایەتەکانی دۆزەخ دەکەیتەوە ترس داتدەگریت و پەنا بەخودا دەگریت لێی وکاتیك باسی خۆشی و عەیش ونۆشی ئەهلی بەهەشتیەکانیش دەکرێت تۆ هیمەتی کاری خێر و طاعەتی پەروەردگار دەکەیت، کاتیکیش بەسەر ئایەتەکانی ڕوودانی ڕۆژی دواییدا دەگوزەرێیت گەورەیی دەسەلاتی خودا بۆ دەردەکەویت کە جگە لەو زاتە پیرۆزە هەمووی تێدا دەچێت و نامێنێت، هەروەها سەرجەم ئایەتەکانی تر، بەڵام ئەگەر خوێندینی ئایەتەکان بێ بیرکردنەوە بن نوێژێکی سارد و بێ خشوع دەبیت و گاریگەریەکی وا بەجی ناهێڵێت لەسەر خاوەنەکەی وەك نوێژی زۆربەی زۆرمان لەم ڕۆژگارەدا..

خوای گەورەش لەبارەی بیرکردنەوە لەو ماناکانی قورئان فەرموویەتی : (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا)

{محمد: 24} واتە: ئایا ئەو بێ باوەڕانە بۆ بیرلەقورئان ناکەنەوە، یان ئەوەتانێ دڵەکانیان قوفڵی لێدراوە ...

## شەشەم : زەلیلی نواندن لەکاتی ڕکوعدا :

حاڵەتی ڕکوع بردن لەنوێژدا حاڵەتێکە کە زۆر زەلیلی پێوە دیارە، بۆیە بەندەی خودا و کەسی نوێژخوین دەبێت لەم کاتەدا زۆر بیر لەو حاڵەتە بکاتەوە کە خۆی تێدایە، بزانێت کە کاتێك پشتی ئەچەمێنێتەوە وناچەوانی شۆڕ دەکات بۆ پەروەردگاری لەگەل ووتنی (سبحان ربي العظيم وبحمده ) دا تەواوی گوناهـ و تاوانەکانی خۆی بهێنیتەوە پێش چاوی کە ئێستا هاتۆتە حزوری خودا و پەشیمانی دەرببڕێت وهەست بکات هەرچی مەخلوق و دروستکراوی خودا هەیە لەئاست پەروەردگاریاندا زەلیلن، هەر لەم کاتەدا گوناهـ و تاوانەکانی خۆت بیربکەویتەوە وبزانە کە چەندیك کەمتەرخەمیت کردووە بەرامبەر بە خودا و چەندێك تاوانت کردوە لەموڵکی خودادا، ئەمجا چاك بزانە هەر تۆیت کە پێویستت بە خوای گەورە هەیە و هەر ئەویشە بەخشندە و لیخۆش بوو ..

**حەوتەم : بیکردنەوە لەمانا و واتاکانی سوژدە کە نزیکترین کاتە لەخوداوە:**

ئەو خاڵانەی کە باسمانکردن ئەگەر هۆکارە سەرەکیەکانی دروست بوونی خشوع بن بۆ بەندەکان، ئەوا بیرکردنەوە لە سوژەبردن لەسەروو ئەم هۆکارانەوەیە کەدەبێت بە مایەی زیاتری دروستکردنی خشوع بۆ بەندەکان، چونکە سوژدە بردن ئەو پەڕی زەلیلی و خۆبەکەم زانینی بەندەی خودا پێشان دەدات لەئاست پەروەردگاریدا، چونکە بەڕێزیترن جێگایەك لە لاشەی مرۆڤدا نێوچەوانیەتی ئەویش لەبەر ڕەزامەنی و خاتری خوای مەزن دەخاتە سەرزەوی کە ئامادە نییە بۆ غەیری ئەو زاتە پیرۆزە بۆ هیچ کەسێکی تری بخاتە سەر زەوی ،

بۆیە برای سەنگیم ئەوە بزانە : کاتێك کە تۆ سەرت بۆ خودا دەخەیتە سوژدە ئەو کاتە نزیکترنی کاتیکە کە تۆ لە پەروەوردگارتەوە نزیکیت بۆیە بیر لەوە بکەرەوە و کە تۆی بەندەی گوناهبار لەبەردەم خالق و بەدیهینەری ئاسمانەکان و زەویدا سەرت شۆڕکردەوە و بەکۆڵێك گوناهەوە داوی لیخۆش بوون و رەزامەندی خۆیی لێدەکەیت و ئومیدەواریت

پەروەردگارت بە ڕەحم و لوتفی خۆی بتخاتە عەفو و مەغفیرەتی خۆیەوە و تا ڕزگارت بێت لە سزا و نأرەحەتیەکانی قیامەت و ئاگری دۆزەخ، بۆیە زۆر دوعا بکە و لەخودا بپاڕیرەوە لو کاتەی کە سەرت بۆ خودا لەسوژدەدایە، پێغەمیەری خودایش (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " أقرب ما يكون العبد من ربه وهو ساجد فاكثروا فيه الدعاء " { متفق عليه } واتە نزیکرتین کاتێك کە بەندەی خودا لە پەروەردگاریەوە نزيك بيت ئەو كاتەيە كە سەری لەسوژدەدايە بۆ خوای گەورە، کەواتە زۆر لەخودا بپاڕێنەوە تێیدا .

خوای گەورە بەرەحم و بەزەیی خۆت لەگوناهەکانمان خۆش ببە ونوێژەکانمان لا خۆشەویست بکە تاوەکو بتوانین بە خشوعەوە ئەنجامیان بدەین ( ئامين يارب العالمين)

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته